عەولاّ جەیدی

کەریم مستەفا شارەزا

مرۆڤێکی میللی رەندو خێرخوازو خزمەتگوزار بوو

لەو رۆژەوە کە مرۆڤ لەسەر ئەم کۆنە دنیایە خولقاوە ، هوشیاریی کۆمەلاّیەتی پەیدا کردووە . خێرو شەر و ، چاکەو خراپەی هاتوّتەرێو ، بەپێی رادەی هوشیاریی خۆی ، پێوانەیەکی بۆ ئەم دیاردە دژ بەیەکانە داناوە ، ئەو جیهانەی کە لە سەری ژیاوە بۆی بووەتە شانۆیەکی فراوان و ، هەرکەسە دەوری خۆی تێدا نواندووە. هەیە دەورێکی خێرخوازانەی تێدا بینیوەو هەیشە دەورێکی خراپ و شەرانی تێدا نواندووە . هەر ئەو دوو جۆرە کەسانەش ناویان لە مێژووی مرۆڤایەتی دا تۆمار کراوە کەم وا بووە نموونەی نێوانی خێر خوازو شەرخواز ناوی لە مێژوودا تۆمار کرابێت ، چونکە نە چاکەی کردووە و نەخراپە ، بۆیە بە بێ دەنگی ژیاوە و هەر بەبێ دەنگیش چووەتەوە دنیای نەبوون .

دەستەی چاك و خێر خواز بوونەتە نموونەی باش بۆ نەوەی نوێ ، تاکو پەیرەویان بکەن و ، دەستەی خراپ و شەرخوازیش بوونەتە نموونەی بەد تاکو نەوەی تازە نەفرەتیان لێ بکەن . لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە بەم جۆرە خۆی دەردەبرێ : « ئایا پێوانەی چاکەو خێر خوازیی لە ناو کۆمەلّی ئادەمیزاد دا چی‌یە ؟» لە وەلاّم دا دەلّێن : « هەر چەندە پێوانەکە بەپێی سەردەم و جێگە دەگۆرێ ، بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین چەند لایەنێکی سەرەکی لێ بخەینە روو و بلّێین : خزمەت کردنی رۆلّەکانی نەتەوە بە کردەوەی چاکی وەکو یارمەتی دانی هەژار و لێ قەوماوان و دوورخستنەوەی رۆلّەکانی میللەتەکەی لە خوورەوشتی خراپ و لادانیان لە رێگەی چەوت و ناهەموار و رواندنی تۆوی شادی لە دلّی غەمبارو لێو بەباران، هەندێ پێوانەی چاکەو خێر خوازیی مرۆڤە لە بواری خزمەتگوزاریی‌ی کۆمەلّگای نەتەوەکەی داو ، هەر کەسێکی لە بازنەی ئەم پێوانانەدا خزمەتی نەتەوەکەی خۆی و مرۆڤایەتی بکات ، ئەوا مرۆڤێکی چاك و خزمەتگوزارەو ناوی لە مێژوودا بە نەمریی دەمێنێتەوە ، مەرجیش نی‌یە خۆی لە نموونەی مرۆڤی زانا یا هونەرمەند یان شاعیر و نووسەر یاخود خەباتگێری سیاسی دا بنوێنێ . بەلّکو گەلێ جار وا دەبێ خۆی لە نموونەی مرۆڤی سادەو ساکار و نەخوێندەواری وەکو [عەولاّ جەیدی] ی کۆیی‌ی رەوەندو کاسبکارو گالّتەچی و یاری زانی میللی دا بنوێنێ .

عەولاّ جەیدی کێیە ؟

عەولاّ جەیدی ناوی تەواوی عەبدوللاّی کوری وەستا حەمەدی ئاسنگەری کوری یەعقووبە ، بە درێژایی دە پازدە پشت بنەمالّەکەی هەر لە کۆیە ژیاوە ، لە سالّی ١٨٦٩ دا لە خانووێکی قوری هەژارانەی گەرەکی قەلاّتی شاری کۆیە لە دایك بووە و ، نەخراوەتەوە بەر خوێندن و باوکی ئاسنگەرێکی زۆر وەستا بووە، ئەمیش ئەو پیشەیەی ئاسنگەری لەوەوە فێر بووە و دوای مردنی باوکی چووەتە سەر دەزگای وەستایی و خەریکی دروست کردنی کەل و پەلی سووکی وەکو چەقۆ و ئالقەو رێزە و ئەستێ و شانەی موو و سووژن قوفلّ و کلیل بووە و بەم کارە وردەی ژیانی خۆی و خێزانەکەی دابین کردووە .

وەستا عەولاّ تەنیا خوشکێك و برایێکی بووە [خەجیج و حەمەد ئەمین] و هەردووکیان پێش خۆی مردوون و خۆیشی ژنی هێناوە ، ناوی (ئامینە) بووە و ١٣ مندالّی بووە لەوانە دوو کچ و



ئەو شارەی عەولا جەیدی خزمەتی کرد

کورێکی بۆگەورە بووە و ، ئێستا تەنیا حەمەدی کوری لە ژیان دا ماوە و وەکو باوکی وەستایێکی گورج و گۆڵ و کارامەیە بەڵام خۆی لە کاری گۆرهەڵکەندن نەداوە . وەستا عەولا لە دەرە بەهاری ساڵی ١٩٤٤ لە تەمەنی ٧٥ ساڵی دا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆرستانی (کەکۆن) نێژراوە .

بۆ پێی گوتراوە عەولا جەیدی ؟

لە نامەیەکی تایبەتیی کاك (فاضل شەورۆ)ی شاعیری کورمزای «وەستا عەولا»[1] دا ئەمە هاتووە و دەڵێ : «جارێکیان لە ئەنکم پرسی : بۆ بە باپیرم و بە ئێمە دەڵێن (جەیدی) ؟ ئایا ئەم نازناوە لە چی‌یەوە هاتووە ؟» ئەویش لە وەڵام دا گوتی : «ئەم نازنـاوەی جەیـدی هی باپیرتە لەوەو پێش بنەماڵەی ئێوە ئەو نازنـاوەی نەبووە ، باپیرت چونکە لە منداڵی و هەرزەکاری‌یەوە زیرەك و کارزان بووەو ، هەر کارێکی خێری پێ‌سپێردرابایە ، بە جوانی‌و پوختی ئەنجـامی دەدا بۆیـە مەلاکان پێیان گوتووە کاری عەبدوڵلا زۆر باش و (جەییدە) ، ئەم وشەیەی (جەیدی) ی دروست بووە» .

کاك شەورۆ لە هەمان نامەی‌دا دەڵێ : «بەڵام باوکم دەڵێ: ئەم وشەیە لە ڕاستی‌دا لە وشەی [جید : جەیید]ی عەرەبی‌یەوە نەهاتووە ، بەڵکوو لە وشەی [جدي = جیدی]یەوە هاتووە ، چونکـە باوکم چ لە کاری چەقـۆکەرێتی و چ لە کاری خێری گۆرهـەڵکەندن و ناشتنی مردووان زۆر بە دڵسۆزیی و پاك و پوختی کارەکەی ئەنجام دەدا ، بۆیە مەلاکان و خەڵکەکە پێیان دەگوت : وەستا عەولا لە کارەکەی دا زۆر (جیدی)یە ، ئینجا لەگەڵ زۆر بەکارهاتن دا (جیدی)یە کە بووە بە (جەیدی)] ، ئینجا ئەم نازناوەی وەستا عەولا لە کام وشەیانەوە هاتبێ هەر مانای کارامەیی‌و چالاکی‌و زیرەکی‌ی وەستا عەولای چەقوکەرو، گۆر هەڵکـەن و ، گاڵتەچی‌و یاری زانی میلی‌و مشوور گێری سەیـران و ئاهـەنگان دەگەیێنێ و ، ئێستا بۆ کورو نەوەکانی ماوەتەوەو ، چونکە وشەی (جەیدی) نازناوو یادگاری پیاوێکی میللی‌ی ڕەند و ڕوو خۆش و خێرخوازو خزمەتگوزارە ، تا هەتایە وەك نازناوێکی خۆش و نەمر لە ناو کورددا دەمێنێتەوە .

شێوەو ئەدگارو جل و بەرگی عەولا جەیدی :

عەولا جەیدی پیاوێکی دەستەی مەیلەو وردیلە بوو ، نە قەڵەو نە لاواز بوو ، ڕووخـۆش و ئێسك سووك بوو، چاوێکی گەش و مەیلەو زەقی هەبـوو نیگـای زۆر تیژ بوو ، دەست و بازووێکی بەهێز و پتەوی هەبوو لە قسەکردن دا مەیلەو گورج بوو ، کورتـەك و شەرواڵی لەبەر دەکرد ، بەڵام لە هاوینان دا لەبەر گەرما تەنیا کورتەکی دەخستە سەر دەرپێی سپی‌و کڵاو جەمەدانی ڕەشی لەسەر دەنا و ، کاڵەکی سەر بە گوڵینگەی کۆیە یان ئێمەنی ڕەشی بە کلکی لەپێ دەکرد . چای کەم دەخواردەوەو بە درێژایی تەمەنیشی جگەرەی نە دەکێشا[٢]

عەولا جەیدی لەچەند بواری ژیان دا ناوبانگی دەرکردووە ؟

عەولا جەیـدی جگە لەوەی کە وەستایەکی چەقوکەری کارامـەبـوو ، لە هەمـان کات دا ، لەگەڵێ بواری تری ژیانی کۆمـەڵایەتی‌دا ناوبانگی چاکی دەرکردووە ، هەمیشە بەسەر زارانەوە بووە ، ناوی بە ئازایەتی و جوامێریی و خزمەتگوزاریی ڕۆیشت بوو ، لەو کاتەی کە لە بواری وەرزش و یاری میللی‌ی کوردەواری دا زۆر وەسـتـا بوو ، لەهـەمـان کات دا لە مشـوورگـێرانی سەیـران و ئاهـەنگی خەڵکی شارەکەدا زۆر

شارەزابــوو ، لە هەمــان كاتیش دا لە كاری گۆڕهەڵكەندن بۆ مردووان و ناشتنیان ، بەتایبەتی مردووی هەژاری بێكەس ، یەكجــار گورج و گۆڵ و بە ڕاپەڕ بوو ، هەر لەو كاتەش دا لە باروبووكردن و ، پیتاك كۆكردنەوە بۆ هەژارو لێ قەوماوان گەلێك بە خەم و لەش سووك بوو . لە نوكتەبازییو سوحبەتی خۆش و گالتــەو گەپیش دا هەر مەپــرســە كە چەنــدە ڕوح سووك و قوشمەبوو ، لێرەو دوا كەمێك بە درێژیی لەسەر گورج و گۆڵیی وەستا عەوڵای جەیدی ڕەندو ڕوو خۆش و خزمەتگوزار دەدوێین و بەپێی ئەو بوارو مەیدانانەی كە چالاكی تێدا نواندوون ئەم مرۆڤــە میللیــە ڕوح سووكــە نەمــرە بە خوێنەرە بەڕێزەكان دەناسێنین .

١ـ عەولا جەیدی مشوورگێری سەیران و ڕێكخەری یاری میللی كوردی:ـ

وەستا عەولا مرۆڤێكی ڕەندو ڕووخۆش و لێو بە خەندە بوو ڕێزی لە هەموو گەورە و بچووكی شارەكەی كۆیە دەناو ، ئەوانیش هەموویان خۆشیان دەویست و لە قسەو ڕاو تەگبیری دەرنــەدەچــوون . چی گوتبایە بە گوێیان دەكرد ، چونكە بۆ خۆشی و بەرژەوەندی ئەوان دەجووڵایەوە . كە بەهار دادەهات و دەشت و دەرو گرد و نەوال بەگــژو گیــاو گوڵ و لالە و نەرگز دەرازانەوە و، باخ و گوڵزار دەبووژانەوە و بە جوانی دەخەملین و بولبول لەسەر چڵان دەیخوێند ، لەو وەرزە خۆشــەدا ، وەستا عەولا لە ڕۆژە خۆشــەكانی چوارشــەممەكان دا لە بەیانییەوەو ، لە ڕۆژانی هەینیش لە دوای نوێــژی جومعەدا دەكەوتە خۆ ، بەنــاو بازاڕی شاردا دەســووڕایەوە و دوكانی بە دوكانداران دادەخست و مەلاو فەقێ و مجێوری لە مزگەوتان دەردەهێنان و ، هەرزەكــارو گەنج و جوامێرەكانی سەر پاكی شاری كۆیەی دەنگ دەدا هەمووی بەگەڵ خۆی دەدان و هەركەسە خۆراكی ئەو ڕۆژەی لەگەڵ خۆیدا دەبردو ، دەچوونە ناو ڕەزو باخان ، بۆ سەر كانیو كانیاوو ڕووباران و هەر جارە بۆ سەیرانگایەكی ڕۆخ شار ، جارێك بۆ (ئۆمەر خوچان)و جارێك بۆ (كەندەكۆخ)و جارێك بۆ دەرماناوی بنەو زۆر جارانیش بۆ كانی بسكان و كانی جلیت دەچوون [٣] . جوانترین جلكیان لەبەردەكردو خۆشترین خواردنیان دەبرد ، كە دەگەیشتنە جێ و كەل و پەل خۆراكیان لە شوێنێكی دیاری كراو دادەنا ،وەستا عەولا كورگەلی دەنگ دەداو، هەمووی لە گۆرەپانێك لە دەورەی خۆی كۆدەكردنەوە ، دەمێك ئاهەنگی شاییو هەڵبەركێی بۆ سازدەدان و دەمێكیش دەبــووەو، [مــامۆستای وەرزش و یارییە میللییەكان و جۆرها یاری فۆلكلۆری كوردی سازدەداو دەوری حەكــەمی یاری و مەشق پێكەری دەبینی] [٤] .

به زۆری ئەم یارییــە فۆلكلۆرییــانــەی بە خەڵكــەكە كردووە : [یەك باز ، سێباز ، چوار كەوشەك ، قەڵەوە ، گوریس كێشەكێ ، شەقی گۆلكێ و یاری (كەری میری ئەسكەندەر ، كە بە یاری عەولا جەیــدی ناسراوە و ئەم لە شاری كۆیــەی بڵاوكردۆتەوە] [٥] ، هەروەها یاری (چكەندەرە) یشی بە لاوەكان كردووە و ، لە كاتی چوونە سەیرانان گورانی [شیرنێ لەیلانێ لە یلانێ شیرنێ بابچینە سـەیرانێ] ی گوتوون و خەڵكەكەش بە چەپڵە لێــدانــەوە بۆ یان گێراوەتــەوە و ، لە گەڕانــەوەشدا گۆرانی [ئەسمەر غەزاڵێ پەرچەمە] ی پێ گوتوون و ، [٦] دەبێ ئەو ڕاسستییــەش بڵێــین : وەستا عەولا لە گوتنی ئەو جۆرە گورانییــە سووكــانــە دەنگی بوو . بەم جۆرە ڕۆژێك یا نیوە ڕۆژێكیان بە سەیران و یاری میللی خۆش خۆش بە سەر دەبرد و پیر و گەنــج خەم و تاڵی زەمــانــەیــان لە بیردەكـرد و هەزار ڕەحمەتیان بۆ گۆڕی باوكی عەولا جەیدی دەنارد ، كە ئەو جۆرە بەزم و سەیرانەی بۆ سازدەدان . جگە لەم سەیرانانە وەستا عەوڵلا زۆربــەی ئێــوارەی ڕۆژە خۆشەكانی بەهار خەڵكەكەی دەبردە دەرەوەی شار بۆ دەركی گەروو سۆركێ یا زەوی میری یاخود دامێنی (قولەتێنی نیزامان) و گەلێ یاری میللی كوردی وەكــو (تــۆپی جغــزێ) و سێبازو (یەك باز) ی پێ دەكردن و دەوری مامۆستا و حەكەمی لەناویان دا دەبینێ .

٢ـ عەولا جەیدی گۆڕهەڵكەنی خێرومەند:ـ

لەگەڵ ئەوەی كە عەولا جەیدی پیاوی زەوق و خۆش ڕابواردن و مامــۆستــای یاری فۆلكۆری كوردی مشوور گێری ئاهەنگ و

سەیرانی پڕ خۆشی و شادی بوو ، لە هەمان کاتیش دا مرۆڤێکی خوا پەرست و باوەر بەهێز بوو ، هەر ئەو باوەرە ئایینی یە پتەوەی بوو ، وای لێ کرد بە خۆرایی و لە راهی خودا گۆر بۆ مردووی هەژاری بێ کەس و دەولەمەندان هەلکەنی و بە رێکوپێکی بە خاکیان بسپێرێ ، بۆیە هەموو دەم لە مالەوەی دا کەل و پەلی گۆر هەلکەنـدن و پێـویستی وەکو [بێل و پێمەرەو کولنگ و قازمە و چادرو لۆکس و کفن و لیفەی مردوو شتن][8] ی هەبوو ، (خامی سپی کفن) ی لێ دەربچێ کە هەندێ دەولەمەندی خێرومەندی وەکو (حاجی کاکەمین و یا زەهوەی مام خدر) بە تۆپ خامی کفنیـان لەلا دادەنـا ، تاکـو بە خێر بەمـردووی هەژارەوەی بنێ[9] . دەنـا کەل و پەلەکـانی دیکە هەمووی لە کیسەی خۆی دەکرین و خێراتێك بوون بۆ مردووانی شارەکە بەکار دەهاتن .

هەنـدێ کەس بەر لەمن بەم جۆرە لەسـەر خێر خوایی ی خوالێ خۆش بوو عەولا جەیدی یان نووسیوە و دەلێن : [وەستا عەوللا جەیـدی هەموو دانیشتوانی شاری کۆیە ، لەگەورە و بچووك و لە مەلاو ئاغاو گەدا ، گوێ رایەلی ئەو زاتە بوون هیچ کەسێـك لە قسـەی دەرنـەچووە ، چونکە هەموو کارەکانی بۆ سوودی دانیشتـوانی شارەکە بووە ، گەرماو سەرماو ماندوو بوونی نەزانیوە ، ئەگەر کارێك هاتبێتە پێش ، بەتایبەتی ناشتنی مردووان ، عەبدوللا جەیدی هەموو ئەرکێکی گۆرهەلکەندن و کفن کردن و ناشتنی ئەو مردووەی گرتـۆتـە ئەستۆ ، جا ئەو مردووە ، بەکەس بوو بێ یان بێ کەس و هەژار ، جۆرە رێو شوێنێکی بۆ کۆمـەگ و هاریکاری لە کۆیە داناوە ، تا ئێستا پەیرەو دەکرێ و هەموو کەل و پەلێکی ناشتنی مردووان ئامادە دەکەن ، بەبێ ئەوەی خاوەن مردوو تۆزقالێك ماندوو ببێ][10] یا خود شتێکی وای لەکیس بچێ و هەموو ئەرکێکی ئەو کۆستەی بکەوێتە سەرشان ..

خەلکی کۆیە لە بارەی وەستا عەولا جەیدی ی گۆرهەلکەنی خێرەو مەندەوە گەلێ هەوالی سەیر و هەلوێستی سەرنج راکێشی وەکو ئەمانەی لێ دەگێرنەوە و دەلێن :ــ

١) وەستـا عەولا جەیـدی کە چەنـد رۆژێك بێ کاری گۆر هەلکـەندن دەمایەوە ، دەچوو بە تەنیا لە گۆرستانی کە کۆن گۆرێکی بۆ خۆی هەلدەکەندو لە دلی خۆی دا دەیگوت : نەبادا کە مردم خەلکـەکـە زۆر پێمـەوە مانـدوو ببن ، بەتایبەتی بە گۆرهـەلکـەنـدنـم . بۆیــە هەمیـشــە گۆرێکی لێ دراوی سەرداپـۆشراوی ئیحتیـاتی بۆ خۆی ئامادەکرد بوو .[11] کاك فاضـل شەورۆ لە نامـەکـەی دا دەلێ : [جاریـك نەنکم بۆی گێرامەوە و گوتی : لە رۆژێکی زۆر ساردی زستان دا کابرایێکی هەژارو بێ کەس دەمـرێ و بەو تەرو تووشی و سەرمایەش گۆر هەلکـەنـدن کارێکی زۆر گرانە ، بۆیە باپیرت گۆرەکەی خۆی پێـشکـەش بەو مردووە بێ کەســە دەکـات و دەلێ : من لە دەرفەتێکی تردا گۆرێکی دیکە بۆ خۆم لێدەدەمەوە !]

ب) وەك دەگێرنەوە ، وەستا عەوللا . نەك هەر ئەو جارە بە لکو چەنـد جاری تریش گۆری بۆ خۆی لێـداوە و لە دوایـی دا بەنـسـیبی مردووێکی بێ کەس و هەژار بووەو کاك شەرۆ لە هەمـان نامەی دا دەلێ : [نەنکم گوتی : جارێکی دی باپیرت گۆرێکی لێ دراوی خۆی پێشکەش بە مردووێکی هەژار کردووە، خۆی بێ گۆری لێـدراو ماوەتـەوە !! بۆیـە بەشــەو خۆی لە خەلکەکە دزیوەتەوە و چووەتە بن چیای هەیبەت سولتان بەردی بە پشت هێناوە بۆ گۆرستانی کەکۆن و گۆرێکی نوێ ی بۆ خۆی لێداوەتەوە و ، بەو شەوە چووەتە ناوی تاکو بزانێ بۆی تەسکە یان نە و گۆرەکـەی تەواوکردووە سەری داپۆشیوە و بۆ دوای نیوەشەو هاتۆتەوە مالەوە !!][12]

ج) وەستا حەمەدی کوری خوالێ خۆش بو ، بۆی گێرامەوە ، گوتی : [باوکم مردنەکەیشی هەر بە هۆی مردوو ناشتنەوە بووە، چونکـە لە سەرەتای سالی ١٩٤٤ دا . کاتێك لە رۆژێکی زۆر ساردی ئەو زستـانـەدا ، تەرمی مستەفای هەمینەی لەیلێ موختاری گەرەکی هەواو دەنێژێ هەندێ خوێنی هەناوی ئەو مردووەی بەجلەکـانی دەکـەوێ ئەویش کاتێـك لە ناشتنی دەبێتەوە ، گورج دەچێتە دەم رووبارو جلەکانی دەشوات و بە تەری لەبەریان دەکاتەوە لەوەوە تووشی نەخۆشی یەکی گران بوو، زۆری نەبرد بەو دەردە کۆچی دوایی کرد .

د) . دەگـێرنـەوە دەلێن :[جارێکیـان عەولا جەیـدی دەچێتـە سەردانی مەلا عیزەتی کوری مەلا حەبیبی جەلی زادە بۆ هەوال پرسینی ، چونکە تازە تووشی نەخۆشی شەپرە بوو بوو ، ئەمیش

لە جیاتی پێی خۆش بێ ، هاواری کردووەتێ و پێیء گوتووە ، برۆ لەبەرچاوم لاکەوە !!] ئەمەش لەبەر ئەوە بووە ، چونکە وەستا عەولا گۆرهەڵکەن بووەو نەخۆشەکەش وای زانیوە عیزرائیلی لە دواوەیە]

هـ). جارێکیان سەرەتای هاوین بوو ، ئێمە ماڵمان لەسەر باخێکی خۆمان بوو ، کە نزیکە ٢ کیلۆ مەترێك لە بازارەوە دوور بووە پاش نیوەرۆیەك باوکم لە شار گەرایەوە و پێی گوتم « رۆڵە هەستە برۆ بازار و (ئەستێ) یەکم بۆ لە عەولا جەیدی بکرە خۆیشی تازە لە نوێژی جومعە لە شار گەرابوەوە ، منیش لەبەر دووری رێگاو گەرما بەشەرمەوە گوتم « بابە خۆ بۆ خۆت تازە لەشار بووی بۆچ نەت گری ؟» لە وەڵام دا باوکم بە توورەیەوە پێی گوتم : قسەم لە قسەدا مەکە ، من لەهەموو دوکانەکانی ترم پرسیار کرد (ئەستێ) یان نەبوو ، دەڵێن : تەنیا لەلای ئەو دەست دەکەوێ ومنیش نەچوومە لای !!] ، ناچار ملی رێگام گرت و هەر بیرم لەو قسەیەی باوکم دەکردەوە کە بۆچ نەچۆتە لای عەولا جەیدی ؟ لە دواییدا بۆم ساغ بووەوە کە باوکم پیر بووەو لە وەستا عەولای گۆرهەڵکەن دەترسێ نەبادا عیزرائیلی لە دواوە بێ !!

٣- عەولا جەیدی و کۆکردنەوەی پیتاك بۆ هەژارو لێ قەوماوان:

ئەگەر یەکێك لە شاری کۆیەدا تووشی کارەساتێکی وەکو ماڵ سووتان و نەخۆشیو هەژاری و دەست کورتی یەکی زۆر بوایە ، ئەوا گورج وەستا عەولایان تێدەگەیاند و ئەویش خێرا کڵاوەکەی سەری دادەکەند و دەیخستە ناو لەپیو بەناو بازار و قەیسەری کۆن و نوێدا دەگەراو دەچووە بەردەم عەتارو بەقاڵ و قەساب و مسگەرو چەخماخسازو بازرگان و پارەدارەکان و ، دڵی هەر کەسەی بە قسەیەك نەرم دەکرد تاکو پارەیەکی باش بدەن بەو لێقەوماوە و ، وەك بزانم هۆی ئەو رێزگرتنەی لەلایەن بازرگانەکانەوە ، هەر دەگەرێتەوە بۆ مەسەلەی گۆرهەڵکەندنەکەی و خەڵکەکە بە بینینی عەولا جەیدی مردنیان بە بیردەهاتەوەو دەستیان لە ماڵی دنیا شل دەکرد . چونکە کە دەچووە بەردەم ئاغەو بازرگانە چەلبی یەکان پێی دەگوت بێنن پارەو پیتاکتان ، ئەمرۆ دنیایەو سبەی قیامەت و ئەمرۆ ژیانە و سبەی گۆری تەنگ و تارەو بە خوا کە مردن کەستان لە خێرو چاکەی سەر دنیا بەو لاوە ، هیچ پارەو پولێك لەگەڵ خۆیدا نابات ژێر گڵ ! ئەوانیش هەر کە گوێیان لە مردن و گۆر دەبوو ، گورج بەزێدەوە پارەی پیتاکیان دەدایێ .

٤- عەولا جەیدیو ئاهەنگی مەولوود خوێندنەوە:-

جاران مەولوود خوێندنەوە لە زۆر مزگەوت و ماڵان دا دەکراو ، خەڵکێکی زۆر بانگ دەکران ، دەتوانم بڵێم زۆربەی خەڵکی شاری کۆیە ، بە هەژار و دەوڵەمەندەوە بۆ نان خواردن و بەشداری کردن لە ئاهەنگەکەی بانگ دەکران و ، ئەو ئاهەنگە گەورەو فراوانانەش خزمەت و مشوورگێران و تەگبیری پێدەویست و کەم کەسیش بە چاکی سەری لەم کارە دەردەچوو ، یەکێکی وەك عەولا جەیدی نەبوایە ، بۆیە هیچ ئاهەنگی مەولوود خوێندنەوە لە کۆیە بەبێ ئەو نەکراوە ، کە رۆژێك پێشتر بانگیان دەکرد ، وەستا عەولا هەموو کارو بارێکی دەگرتە ئەستۆ ، ئەو مەلای مەولوود خوێنی بانگ دەکرد و تەنزیلە خوێن و دەفەی ئامادە دەکردو ، هەر ئەویش خەڵکەکەی بانگ هێشت دەکردو ، سەرپەرشتی چێشت لێنان و تێکردن و چاو چایەچیو چاتێکردنی دەکرد ، تەنانەت کاری تەشریفات و دانانی خەڵکەکەیشی دەگرتە ئەستۆ ، کەسیش لە قسەو تەگبیری دەر نەدەچووو ، خاوەن ئاهەنگ ئەرك و ماندووبوونێکی ئەوتۆی نە دەکەوتە سەرشان .

٥- عەولا جەیدیو ئاهەنگی ئیجازەی مەلایەتی:

جاران کۆیە مەڵبەندێکی گرنگی ئەدەب و زانیاریو ئایین بوو لە کوردستان ، لە چاو بچووکی شارەکە مزگەوتێکی زۆری هەبوو ، هەر مزگەوتەش حوجرەی مەدرەسەی خوێندنی فەقێیانی هەبوو ، کاتێك موستەعیدێك خوێندنی مەلایەتی تەواو کردبایە ، ئەوا ماموستاکەی لە ئاهەنگێکی گەورەدا کە دەستەیەکی زۆر لە مەلاو فەقێی شارەکەو دەورو پشتی بۆ بەشداری کردن لەو ئاهەنگەدا بانگ دەکران و بەزم و شایی چەند شەو و چەند رۆژێك بەردەوام دەبوو[١٢] ، گەلێ جۆرە شایی وەکو [چەپەیی ، سووسکەیی ، ئایشۆکێ ، شێخانی] دەکران ،

ئەم ئاهەنگ و چالاکییانە سەرپەرشتی و مشوورگێرانی
پێدەویست و ، لە سەردەمی ژیانی وەستا عەولا جەیدیدا هیچ
ئاهەنگێکی ئیجازەی مەلایەتی بەبێ سەرپەرشتی ئەو
جێبەجێ نە دەکرا . ئەگەر (مەلای ئیجازە دەر) دەست
رۆیشتوو بوایە ، ئەوا بەرگی نوێ و جوبەیەك و مەندیلێکی لە
کیسەی خۆی بۆ مەلای تازە دەکرێ و لە دوا رۆژی
ئاهەنگەکەدا لەبەریدەکردو هەموو خەرجی مەسرەفی
زیافەتەکانیش هەر ئەو دەیکێشا ، بەلام ئەگەر مەلای مامۆستا
دەست کورت بوایە ، ئەوا عەولا جەیدی دەچووە لای چەند
دەوڵەمەندێکی خێرکەر و بەبێ دەنگی پارەی پێتاکی
لێوەردەگرتن و بۆی دەهێناو مەسرەفی پێدەکێشا . لە
سەرخستنی ئەو ئاهەنگی ئیجازە وەرگرتنی مەلایەتی عەولا
جەیدی دەورێکی دیارو بەنرخی هەبوو .

٦- عەولا جەیدی و ئاهەنگی بووك گواستنەوە:-

عەولا جەیدی چەندە بە کاری دینەوە خەریك بوو ،
ئەوەندەش بە کاری دنیاوە ماندوو بوو ، بەلام ئەو کارەی کە
خێری خەڵکەکەی تێدا بووبێ ،وەکو ئاهەنگی بووك گواستنەوەو
، دەیگوت : ئێمە نابێ هەر مردووان لە گۆر بنێین و دەبێ
بووکانیش بگوازینەوە ، تاکو زاو زێی نوێ ببێ ، چونکە دنیا
لەسەر بوون و مردن راوەستاوەو ، دەبێ ژن هێنان ئەرکی زۆر
نەبێ‌و بە ئاسانی جێبەجێ بکرێت ، بۆیە هەر کەسێکی
شارەکە ژنی بۆ کوری یا کەس و کارێکی هێنابایە ، ئەوا زوو
بیری بۆ لای عەولا جەیدی دەچووو ، بانگی دەکرد و پرسی
پێدەکرد ، ئەویش مشوورێکی باشی بۆ دەگێرا ، چونکە لەو
بارەوە پسپۆرییەکی کۆمەلایەتی باشی پەیدا کردبوو ، دەچووە
سەر باوکی کچەو دەیگوت نەکەی زاوا بە مارەیی زۆر ببریەوە و
لە کاتی زیافەت دا ، ئەو خەڵکەکەی بانگ دەکرد وسەرپەرشتی
خواردن دابەش کردن و خوانچە دانانی دەکرد و ، تەنانەت بەزم
و مەراسیمی زاوا بردنە حەمامیش هەر بە تەگبیرو
سەرپەرشتیکردنی ئەو جێبەجێ دەکرا ، بە کورتی وەستا
عەولا پیاوی دین و دنیا بوو ، بەلام دینێکی پاك و دنیاییەکی
دوور لە تەماع و فروفێڵ .

هەبوو ، هەر مزگەوتەش حوجرەی مەدرەسەی خوێندنی
فەقێیانی هەبوو ، کاتێك موستەعیدێك خوێندنی مەلایەتی
تەواو کردبایە ، ئەوا مامۆستاکەی لە ئاهەنگێکی گەورەدا کە
دەستەیەکی زۆر لە مەلاو فەقێی شارەکەو دەورو پشتی بۆ
بەشداری کردن لەو ئاهەنگەدا بانگ دەکران و بەزم و شایی
چەند شەو و چەند رۆژێك بەردەوام دەبوو[١٥] ، گەلێ جۆرە شایی
وەکو [چەپەیی ، سووسکەیی ، ئایشۆکێ ، شێخانی] دەکران ،
ئەم ئاهەنگ و چالاکییانە سەرپەرشتی و مشوورگێرانی
پێدەویست و ، لە سەردەمی ژیانی وەستا عەولا جەیدیدا هیچ
ئاهەنگێکی ئیجازەی مەلایەتی بەبێ سەرپەرشتی ئەو
جێبەجێ نە دەکرا . ئەگەر (مەلای ئیجازە دەر) دەست
رۆیشتوو بوایە ، ئەوا بەرگی نوێ و جوبەیەك و مەندیلێکی لە
کیسەی خۆی بۆ مەلای تازە دەکرێ و لە دوا رۆژی
ئاهەنگەکەدا لەبەریدەکردو هەموو خەرجی مەسرەفی
زیافەتەکانیش هەر ئەو دەیکێشا ، بەلام ئەگەر مەلای مامۆستا
دەست کورت بوایە ، ئەوا عەولا جەیدی دەچووە لای چەند
دەوڵەمەندێکی خێرکەر و بەبێ دەنگی پارەی پێتاکی
لێوەردەگرتن و بۆی دەهێناو مەسرەفی پێدەکێشا . لە
سەرخستنی ئەو ئاهەنگی ئیجازە وەرگرتنی مەلایەتی عەولا
جەیدی دەورێکی دیارو بەنرخی هەبوو .

٦- عەولا جەیدی و ئاهەنگی بووك گواستنەوە:-

عەولا جەیدی چەندە بە کاری دینەوە خەریك بوو ،
ئەوەندەش بە کاری دنیاوە ماندوو بوو ، بەلام ئەو کارەی کە
خێری خەڵکەکەی تێدا بووبێ ،وەکو ئاهەنگی بووك گواستنەوەو
، دەیگوت : ئێمە نابێ هەر مردووان لە گۆر بنێین و دەبێ
بووکانیش بگوازینەوە ، تاکو زاو زێی نوێ ببێ ، چونکە دنیا
لەسەر بوون و مردن راوەستاوەو ، دەبێ ژن هێنان ئەرکی زۆر
نەبێ‌و بە ئاسانی جێبەجێ بکرێت ، بۆیە هەر کەسێکی
شارەکە ژنی بۆ کوری یا کەس و کارێکی هێنابایە ، ئەوا زوو
بیری بۆ لای عەولا جەیدی دەچووو ، بانگی دەکرد و پرسی
پێدەکرد ، ئەویش مشوورێکی باشی بۆ دەگێرا ، چونکە لەو
بارەوە پسپۆرییەکی کۆمەلایەتی باشی پەیدا کردبوو ، دەچووە

سەر باوكی كچەو دەیگوت نەكەی زاوا بە مارەیی زۆر ببریەوە و لە كاتی زیافەت دا ، ئەو خەڵكەكەی بانگ دەكرد و سەرپەرشتی خواردن دابەش كردن و خوانچە دانانی دەكرد و ، تەنانەت بەزم و مەراسیمی زاوا بردنە حەمامیش هەر بە تەگبیرو سەرپەرشتیكردنی ئەو جێبەجێ دەكرا ، بە كورتی وەستا عەولا پیاوی دین و دنیا بوو ، بەڵام دینێكی پاك و دنیاییكی دوور لە تەماع و فروفێڵ .

٧ـ عەولا جەیدی خۆش ڕۆ :-

عەولا جەیدی وەك لە وەرزش و یاریی فۆلكلۆریی كوردیدا وەستاو مەشق پێكەر بوو ، لە خۆش ڕۆیی و ڕێگەی دوور برینیش دا یەكجار گورج و گۆڵ و خێرا بوو ، كەس نەبووە لە ڕۆیشتن دا لەگەڵی دەرببات ، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ كە لە منداڵییەوە هەر خەریكی وەرزش كردن بووەو ، بە درێژایی ژیانیشی جگەرەی نەكێشاوە ،

هەروەك دەڵێن : «جارێكیان بازرگانێكی خەڵكی مووسڵ دێتە كۆیە ، ناوی (مەتی) دەبێ ، وەكیلی بازرگانێكی گەورەی مووسڵ دەبێ ، محەلێك لە خانی مەحموود ئاغا دەگرێ و ئەو ساكەش كۆیە تەنیا بە ڕێگەی كاروان بە شارەكانی تر بەسترابوو ، وەك دەڵێن : لە سەردەمێك بوو تازە حكومەتی عیراق دامەزرابوو ، جارێكیان تەلگرافی كۆیە خراپ دەبێ و (مەتی) پەیوەندیی لەگەڵ مووسڵ دەپچڕێ و ڕادەسپێرێ یەكێكی خۆش ڕۆی بۆ پەیدابكەن ، تاكو نامەیەكی بۆ بباتە مووسڵ بۆ ئەوەی لە نرخی نوێی خوری و مازوو بگات و وەڵامەكەیشی بە ماوەیەكی كەم بۆ بهێنێتەوە بازرگانەكانی كۆیەش عەولا جەیدی بۆ دێنن ، مەتی باوەر ناكات ئەو پیاوە خركەلە وردیلەیە بتوانێ لە ماوەیێكی كەمتر لە شەوو ڕۆژێك بگاتە شاری مووسڵ كەچی وەستا عەولای خۆمان پێی دەڵێ تۆ هیچ كرێیەكم پێمەدە تاكوو وەڵامت بۆ نەهێنمەوە !!

ئینجا نامەكەی لێوەردەگرێ و بە سووكی بۆی دەردەچێ و بە پیادە ڕێی قەدبر ، ڕێگەی هەولێر و لە وێوەش ڕێگەی مووسڵ دەگرێتەبەرو ، بە دوو ڕووژی هاوین و شەوێك نامەكە دەباتە مووسڵ و وەڵامەكەیشی دەهێنێتەوە كۆیەو ، دەیداتە (مەتی)ی بازرگان و ئەمیش سەری سوردەمێنێ لەو خێرایی‌یەی كە چۆن ئەو ڕێگە دوورەی بە چوون و هاتنەوەی ٣٠٠ كیلومەتر پترە تەنیا بە دوو ڕۆژ و شەوێك برییەتی و . هەڵدەستێ هەقی ماندووەتی ڕێگەی بە زیدەوە دەداتێ ئەوەی شیاوی باسیشە ئەمڕۆ وەستا حەمەدی كوری كە ناودارترین كەوبازو ڕاوچی كۆیەیە ، لە ڕۆیشتن و ڕێگەی ڕاودا لە هەموو كەسێكی تر خێراترەو كەس لەگەڵی دەرنابات .

هەندێ كردارو چالاكیی جیا جیای عەولا جەیدی :

١ـ دەڵێن كابرایەكی دراوسێی ماڵی وەستا عەولا لەگەڵ ژنەكەی خۆی ناخۆشییان دەبێ ، لەسەر ئەوەی كە ژنەكەی ماڵی بەجێهێشتووەو چووەتە سەردانی ژنە دراوسێیەكی . كە وەستا بەمە دەزانێ لە كابراو ژنە دەچێتە ژوورەوە و هەوڵێكی زۆر دەدا كابرا لە ژنەكەی خۆش بێ و ڕێك بكەونەوە ، كەچی كابرا نایەتە ڕایە . ئینجا وەستا دەستی كابرا دەگرێ و دەیباتە ژوورێك و لەپڕ دەرگای لەسەر كلیل دەدات و ، پێی دەڵێ : «دە باشە تۆ لە ژوورەوە بە ، بزانە خۆشە یان نەء ؟» . تاكو ئێوارە بەندی دەكات ، ئینجا كابرا هاوار دەكات و دەڵێ «وەستا پەشیمانم ، جارێكی تر سەركۆنەی ژنەكەم لەسەر چوونەدەر ناكەم» . وەستاش دەرگای لێدەكاتەوە و پێی دەڵێ : «كوری بابم ئێستا بۆت دەركەوت كە ژنەكەت هەقیەتی گەر ناو بە ناو سەردانی ژنە دراوسێیەكی بكات و ، هەر بە تەنیا لە كونی ژوورەوە دانەنیشێ»[١٧] .

٢ـ وەستا عەولا لە مەیدانی سەرێی بازاری كۆیە دوكانێكی قشتیلەی چەقوگەرێتی هەبوو ، هەمیشە حەزی دەكرد خەڵكی بازار لە شادیدا بن ، ڕۆژ نەبوو گاڵتەو بەزم و سوحبەتێكی لەگەڵ دوكاندارێكی دراوسێی نەكردبێ و خەڵكی بازاری لە خۆی كۆنەكردبێتەوە ، جاری وابووە ، بە گاڵتە لەگەڵ دواكاندارێكی دۆستیدا بە دەمەقاڵ هاتوون و قسەی سەیر سەیریان بە یەكتری گوتووەو ، ئەوانەی كە بە لایان دا ڕەت بوون و گوێیان لە قسەكانیان بووە ، نەیان زانیوە ئەو دوو كەسە شەڕدەكەن یا سوحبەت ؟ ئەو قسانەیان بە ڕاستی‌یە یان بە گاڵتە ، زۆر جار بووە خەڵكی شارێكی تر كە بە لایانەوە ڕەت

بوون و چاویــان بەم بەزمــەکـەتووە ، وایان زانیوە شەڕی بە ڕاستی‌یـە کەچی کە لە هەنـدێ کەسیان بیستووە ئەمە شەڕ نی‌یـەو تەنیـا گاڵتــەو سوحبـەت کردنە ، سەریان لەم بەزمە سوڕماوە و گوتوومیانە بەخوا [سەیرە لە کۆیە !!]

٣ـ دەڵێن : زۆر جار وەستا عەولا لەسەر دوکانەکەیەوە چاوی لە دۆستێکی بادەداو ، هەردووکیــان دەهــاتن بە گاڵتــە لەبــەر دوکانەکەی یەخەی یەکتریان دەگرت و قسەیەك لەم و قسەیەك لەو ، خەڵکی تر کە بەلایان دا تێ‌دەپەڕین ، وایان دەزانی ئەوە شەڕی بەراستی‌یـەو یەکێکیـان دەکەوتە نێوانیانەوەو ناوبژی دەکردن ، ئینجا لەوکاتەدا بە هەردووکیان تێرو پڕیان لە کابرای ناوبـژی‌کـەر دەداو ، دەیـان دا لە قاقای پێکەنین و ، ئینجا هەڵدەستان بە هەردووکیان دڵی کابرایان دەدایەوەو دەیان گوت: ئەمە شەڕنی‌یەو ، گاڵتەو سوحبەتی خۆمانەو تۆ بۆ خۆت خستە ناومان ؟! بێگومان ئەم بەزمەی وەستا عەولاش هەر بۆ ئەوەی بووە ، تاکـو خەڵکی بازاڕ بێنێتــە پێکـەنـین و غەمی دڵیـان برەوێنێتەوە .

٤ـ وەستا نەصروڵلا چەخماخساز [کۆیە: ١٩١٠] گێڕایەوە و گوتی:ـ ڕۆژێکی هاوین ناو بازاڕ کش ومات بوو ، وەستا عەولا لەسەر دوکانەکەی خەریکی ئیش کردن بوو یەکێ لە دوکاندارە دراوسێ‌یەکانی گوتی :« وەستا ئەمڕۆ بازارمان زۆر خامۆشە ، بزانە قەت بەزم و سوحبەتێك ناخولقێنی ! هەر کە کابرا ئەمەی گوت ، وەستا عەولا هەڵساو هاتە بەر دوکانەکەی و ، لەوکاتەدا، کابـرایێکی لادێی ڕەت دەبــوو و ، لوولە قامیشێکی جگـەرەو هەندێ شمەکی تری لەبن هەنگڵ بوو ، وەستا توند باوەشی لە کابرا وەردێنی‌و هاوار دەکات و دەڵێ :« گرتم ، دزم گرت ، ئەم شمــەکانەی لای ئەم پیاوە هی منن و لێی دزیوم !!» کابرای لادێی دەڵێ : « نەخـێر هی خۆمن و ، لەلای فلانــە دوکاندار کریــومن » ، بەلام خەڵکەکە بۆ ئەوەی بەزمەکە گەورەتر بێ ، هەموویان دەڵێن « کابرا ئێمە شایەدین کە ئەم شمەکانەی لای تۆ هی وەستا عەولان» ، کابرا هەر سوێند دەخوات و دەڵێ :« بەخـوا هی خۆمن و نەم دزیـوە !» تاکو لە ئەنجام دا دەگاتە ئێسکی‌و خەنجەرەکەی هەڵدەکێشی‌و دەڵێ : « بەخوا ئەگەر بەرم نەدەی بەم خەنجــەرە دەتکـوژم !» کە خەڵکـەکە دەبینن کار گەیشتە خەنجەر یەکێکیان هاوار دەکات و دەڵێ :« وەستا بەری دە ، من تازە وا لە پۆلیسخانە دێمەوە ، دزەکەی بەراستی‌یان گرتــووە و برۆ شمــەکەکانت وەرگرەوە » ، ئینجا وەستا بەری دەدات وکابراش خەنجەرەکەی دەخاتەوە کالانی و شمەکەکانی هەڵدەگرێ‌و بەبێ ئاوڕدانەوە بۆی دەردەچێ ، کە کابراکە ئاوا دەبێ ، خەڵکی بازاڕ دەڵێن : « هەر خۆش بی وەستــا لەگــەڵ بەزمی گێڕات !»

لەیـەکێکی دیکـەم بیستــووە و دەیگـوت کە ئەو کابـرایـە چووەتــەوە دێ یەکــەی ئەم بەســەرهــاتــەی بۆ خەڵکـەکـە گێڕاوەتەوەکە وەستایێك لە مەیدانی سەرێی بازاری کۆیە ئەو گۆبــەندەی لە دژی گێڕاوە ئەوانیش پێیان ووتوە ئەوە وەستا عەولا جەیـدی بووە و سوحبـەتی لەگـەڵ دا کردووی ، دەنا پیاوێکی تا بڵێی بەدین و خێر خوایە » کابراش گوتوویەتی : « بەخـوای ئەگـەر مەلائیکـەتیش بوایـەو بەری نەدابام ، بە قوربانی خەنجەرێکم دەکرد !!» .

٥ـ دەڵێن وەستــا عەولا لە ئەنجـامی نەخـۆشی‌یەك دا ، زێدە گۆشتێکی لە ئاستی قونچکی چاوی بەلای کوڵی‌یەوە پەیدابوو بوو ، کونێکی تا دیـاری تێـدا بوو ، جارێکیــان لەبــەردەم دوکـانــەکــەی‌دا دەروێشێك زەرگێك لە لا گوپی خۆی دەدا و خەڵکێکی زۆری تێ دەئاڵێو ، وەستا عەولاش باوەڕی بەشتی وەهــا نابێ ، هەڵدەسێ لەسەرە خۆ شیشێکی سپی‌و باریك بە کونەکەی لاچاوی دا دەکات و بەدوای کابرای دەروێشی غەریب دەکەوێ ، دەرویش کە ئەمە لە وەستا عەولا دەبینێ ، وا تێ دەگات زەرگی لە چاوی خۆی داوە و زۆری لێ دەترسێ و لەبەری ڕا دەکـات و [18] و لەدڵی خۆی دا دەڵێ :« وا دیارە ئەمە لەمن دەروێشترە ، شێخەکەیشی لە شێخی من گەورەترو بەهێزترە »، خەڵکەکەی دەروپشتی لە نهێنی‌یەکەی وەستا عەولا دەگەن و هەموویان دەدەنە قاقای پێکەنین .

دواوشە:

عەولا جەیدی پیاوێکی کاسبکاری هەژاری نە خوێندەوار بوو ، کەچی ڕێـزو پایـەی هەر لەناو خەڵکە هەژارەکە بەرز نەبوو ،

بەڵکو لەناو دەوڵەمەند و مەلا و شێخانیش دا ڕێز و ڕووەتێکی زۆری هەبوو ، چونکە هەر کارو کردەوەیەکی دەیکرد بۆ سوودی گشتی‌ی خەڵکەکە بوو ، کاتێك بەناو بازاڕی کۆیەدا دەگەڕا هەموو دوکاندارەکان بە بەقاڵ و عەتار و قەساب و بازرگانەوە ڕێزێکی تایبەتی‌یان لێ دەناو هەر پێشنیارێکی کردبایە و هەر داوایێکی هەبایە بۆیان جێ بە جێ دەکردو ، هەر شەڕو دەمەقاڵێیەك لە نێوان دوو کەسی ناو بازاڕدا ببوایە ، عەوڵا جەیدی دەگەیشتە سەریان و کە بەدیار دەکەوت دەمیان گوت : بێ دەنگ بن و واز بێنن عەوڵا جەیدی‌و مردنتان لەبیربێ زوو بەم قسەیە وازیان لە شەڕو ناخۆشی دەهێناو بە هۆی وەستا عەوڵاوە مردنیان دەهاتەوە بیر وەك بڵێی عەوڵا جەیدی وەکاڵەتی مردنی هەبوو بێ !!

وەستا عەولا نەك هەر لە بازاڕدا ئەو نرخ و ڕێزەی بووە ، بەڵکو لە دیوەخانی ئاغاو بازرگانە چەلەبی‌یەکانی ئەو شارەش ڕێزو پایەیێکی دیاری هەبووە ، لەناو کۆڕی پەند و وەعزی مەلا ناودارەکانی کۆیەی وەکو مەلای گەورەو مەلا بەهائوددین و مەلا صادقی مەلا ئەحمەد و مەلا عەلی باداوەیی و مەلا مەعسوومی خدر هەورامی شوێنێکی دیاری بووەو ، خۆ لەناو کۆڕ و کۆمەڵی هەژارانیش دا ، هەر مەپرسە کە چەندە ڕوح سووك و خۆشەویست بوو ، لەناو هەموو چین و توێژێکی خەڵکەکەی ئەو شارەی کۆیەو دەوروپشتی بەڕێزو بە حورمەت بوو ، هەموو قسەو داواکانی پەسەند بوون و جێ بە جێ دەکران ، چونکە بۆ سوودی هەموو کەسێکی شارەکەو ناوچەکە بوو ، هەزار سڵاو لە گیانی پاکی وەستا عەوڵا جەیدی ڕەند و ڕووخۆش و مشوور گێڕی کاروباری خەڵك و گۆڕ هەڵکەنی خێر خواو خزمەتگوزاری میللەت ، لەیادی ٤٤ ساڵەی کۆچی دوایی و ١١٩ ساڵەی لە دایك بوونی دا .

سەرچاوەو پەراوێز:

١ـ کاك فاضل شەورۆ ، لە ڕۆژی ١/٨/١٩٨٨ دا نامەکەی بۆ نووسیوم و ئەویش جگە لە زانیاری‌یەکانی ئەنکی و وەستا حەمەدی باوکی ، پشتی بە هەندێ زانیاری‌و بیرەوەری برایان : وەستا ئەصروڵلای چەخماخساز حەمیدی تایەر حەبۆڵی بەستووە .

٢ـ لە تۆماری بیرەوەری‌یەکانی نووسەر .

٣ـ لە یاد اشتەکانی مامۆستا عەبدولەجید نوردەین جەلی زادە [کۆیە : ١٩١٢] .

٤ـ حاجی محێدین ئەسعەد ـ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ـ ژمارە (١٠٨) ساڵی ١٩٨٥ ، ل : ٨٢ .

٥ـ طاهر احمد حوێزی ـ مێژووی کۆیە ـ ب ١ ، بەغدا ١٩٦٢ ، ل : ٢٠ ، ٢١ .

٦ـ لە یاد داشتەکانی مامۆستا عەبدولەجید نووردەین جەلی زادە .

٧ـ لە بیرەوەری‌یەکانی کاك ئەحمەد خدر ئەحمەد [فەرمانبەری خانەنشین ، کۆیە : ١٩٢٤]

٨ـ نامەکەی کاك فاضل شەورۆ.

٩ـ لە بیرەوەری‌یەکانی کاك ئەحمەد خدر ئەحمەد .

١٠ـ حاجی محی الدین ئەسعەد ـ ڕۆشنبیری نوێ ـ ژمارە (١٠٨) بەغدا ١٠٨ ، ل : ٨٢.

١١ـ نامەکەی کاك فاضل شەورۆ.

١٢ـ هەمان سەرچاوە.

١٣ـ لە یاد داشتەکانی مامۆستا عەبدولەجید نورەدین جەلی زادە.

١٤ـ لە تۆماری بیرەوەریەکانی نووسەر.

١٥ـ بۆ پتر شارەزا بوون لە دابودەستووری ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتن ـ بنوارە باسێکی مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژمارە ١١٠ ی ساڵی ١٩٨٦، ل : ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦.

١٦ـ لە بیرەوەری‌یەکانی وەستا حەمە ی کوری خوا لێ خۆش بوو.

١٧ـ نامەکەی کاك فاضل شەورۆ.

١٨ـ لە بیرەوەری‌یەکانی کاك ئەحمەد خدر ئەحمەد [فەرمانبەری خانەنشین] .

O